# راپۆرتێك سەبارەت بە سیمیناری (لە دژی توند و تیژی وەرنە مەیدان) لە شاری هیلسینکی



لە درێژەی ئەو زنجیرە چالاکی‌یانەی رێکخراوی ژنانی عیراقی فنلاند بە بۆنەی کوشتنی (شەیما ئەلبەدری)ەوە سازیدا، لە بەرواری 31-5-2005دا سیمیناری (لەدژی توند و تیژی ژنان وەرنە مەیدان) سەرکەوتوانە ئەنجام درا.. لەم سیمینارەدا زیاتر لە پەنجا کەسایەتی فنلاندی و کەسانی شارەزا و پسپۆر لە مەیدانی توند و تیژی و مەسەلەکانی ژنان و سۆسیالەکانی شاری هیلسینکی و قوتابیانی زانکۆی شاری ئیسپۆو نوێنەرانی رێکخراوەکانی ژنانی فنلاند بەشداری‌چالاکانیان لەم سیمینارەدا کرد.....

سەرەتای سیمینارەکە لەلایەن( سەمیرە سالح) ئەندامی لیژنەی باڵای ریکخراوی ژنانی عیراقی و ئەندامی ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کردو ئیشارەتی بە بابەتەکانی سیمینارەکە کرد.

پاشان لەلایەن(ئالاْ فەرەج) لێپرسراوی ریکخراوی ژنانی عیراق لە فنلاند و نوینەری ریکخراوی ئازادی ژن لە عێراق ووتەی‌یەکی سەبارەت بە کوشتنی ناموسی و ناساندنی ئەم چەشنە لە کوشتن کە سەرچاوەی کوشتنی لە یاساکانی شەریعەتی ئیسلامەوە هاتوە ناساند ولە ریگەی ئەم یاسایەوەیە باوك و براو کەس و کار ئەکەنە دوژمنی بەشیك لەلاشەی خۆیان کە ئەویش کچەکانیانن یان ژنی خۆیانن بۆ گەرانەوە و پاراستنی ناموسی ئەو خیزانە پەنا ئەبەنە بەر کوشتنی ناموسی ، پاش ئەوەی نمایشیکی کورت سەبارەت بە کوشتنی ناموسی خرایە روو ، پاشان چەند نمونەیەك لەو کەیسانەی ریکخراوی ئازادی ژنانی لە ئەوروپا خستە روو بە دوورو دریژی باسی کەیسەکانی شەیما و فادیما و پیلا و سوبحیە و هێشوو سەیران و کەژاڵی کرد،و بەبەکارهینانی دەزگا پرۆجیکتەری‌یەوە کەیسەکانی ناساند وکەیسی شەیما ئەلبەدری لەروانگەی رەخنەیەکی سیاسی لە سیستەمی یاسای فنلاند کرد و ئالا ووتی :

کەیسەکەی شەیما رێکخراوەکانی ژنانی فنلاندی بەخەبەر هێنا کەهەنگاوەکانی‌خەباتمان دژی توند و تیژی بەرینتر بکەینەوە، ئەوەتا پۆلیس پیمان ئەلێت ئەمە موشکیلەی خۆیان بوەو بەهۆی پەیوەندی تایبەتی نیوان حەیدەری تاوانبار و شەیمای بی‌تاوانەوە ئەمە رووی داوە ، ئەوان ئەمە وەك شتی تایبەتی چاولی‌ئەکەن بۆ ئەوەی هیچ مەسئولیەتیك لە چاکردنی ژیانی ئەو ژنانەی وەك شەیما ئەژین ، نیشان نەدەن !

ئالا رووی کردە ئامادەبوان و پرسی : بۆچی دام و دەزگارەسمی‌یەکان و میدیای فنلاند ئەم کەیسەی شەیمایان شاردەوە، ئایا ئەوە کافی‌یە بەدوو دیرلە بەشی هەوالەکانی دەرەوەی بلاوکراوەی هیلسینکی سانۆماتدا دا بلین ژنیك بە چەقۆ کوژراوە؟ ئایا کی لە پشت شاردنەوەی ئەم جۆرە کەیسانەدایە؟ وە بۆچی ئەیشارنەوە؟ئایا ئەگەر دەزگا رەسمی‌یەکان لەم ولاتەدا لەوەزعی ژنانی پەنابەریان بزانیایە وەك ئەوەی کە هەیە ، ئەم چارەنووسە بەسەر شەیمادا ئەهات ؟ ئەبێت کۆمەلگا ئەم مەسەلەیەی شەیما بزانیت و ئەوەش بەهەمووومان حەل بکەین بەمەبەستی ئەوەی ئەم چەشنە لە تاوانکاری‌یە روونەداتەوە....

پاشان ئالا بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە دیفاع لە مەسەلەی کوشتنی ناموسی‌دا خستە بەر رەخنەو ووتی :

بە ناوی دواخستنی لیکولینەوە لە کەیسی شەیما، ئەم کەیسە شاردرایەوە ، بەلام ئیمە ی ریکخراوی ژنانی عیراقی لە فنلاند ، ناوەستین و دریژە بەم کەمپینە ئەدەین و کاری هەمووتانە پیوەی پەیوەست بن....

پاش ئەوەی بە دۆکومێنتی کەیسەکانی ژنانی پەنابەری نیشانداو باسیوەزعی ژنانی پەنابەر لەئەوروپاو خەبات و دەورو نەخشی ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمیتەکانی دیفاع لەمافەکانی ژنان و لە بەرامبەرکیٚ ووەستانەوەیاندا دژ بەهەل و مەرجی ژنانی پەنابەر ی باس کرد، ئەوەی شایانی باسە ئەم باسەی ئالا جیگای سەرنجی تەوای ئامادەبوان بوو...




ڕێت نورمی لیپرسراوی یەکیتی ژنانی مۆنیکا

پاشان (ڕێت نورمی) لیپرسراوی یەکێتی ژنانی مۆنیکا ، کەلە چەندین ڕێکخراوی ژنانی فنلاندنی و ریکخراوی پەنابەراندا کاری هاوبەش و ئیتیحادیەیان بۆ ئەم مەبەستە پیکهیناوە و لیکۆلینەوەیەکی سەبارەت
 بە جیاوازی مافەکانی ژنانی پەنابەران و یاساکانی یەکسانی و ئەوەی ناونراوەبە مافی مرۆڤ کوقارەنە کرد ن سەدەها کەیسی ژنانی پەنابەری بە نمونە هینایەوە کە توند و تیژییان لەسەرە، بەتایبەتی ژنانیک کە لە روسیاوە بە ئیزدواج دینە فنلاند و دواتر پیاوانی رەگەز فنلاندی چۆن دژایەتییان ئەکەن ودەولەتی فنلاندیش سەرەرای وەلامی بۆ توند و تیژیی نییە دیپۆرتیشیان ئەکاتەوە بۆ وولاتیك کە لیوەی هاتوون جۆرەکانی توند و تیژی باس کرد و دەوری بی مەسئولانەی پۆلیسی بە دورو درێژی باس کرد...
نورمی لە درێژەی قسەکانی‌دا ووتی ( منیش تەئکید لە قسەکانی ئالا ئەکەمەوە کە ئەبیت دەولەت شانی خۆی لە ژیانی ژنانی پەنابەر خالی نەکاتەوەو ئیمەش ئەبیت خۆمان زیاتر بۆ ئەم مەبەستە دەور بگیرین..)
پاشان (رۆزا پۆهاکاینێن) لە یەکێتیمافی مرۆڤەوە مێژوویەکی کورتی سەبارەت بە یاساکانی مافی مرۆڤ و ئەو بنەمایانەی ئەبیت مافەکانی ژنان وەك مافیمرۆڤ حسابی بۆ بکرێت ، پاشان هاتە سەر ئەوەی سەرەرای ئەوەی ئەم یاسایانەی مافی مرۆڤ پیش 50سالی رابردوو وە هەن کەچی ریٚژەی توند وتیژی ژنان روو لە زیاد بوونەو مافەکانی ژنان یەکسان نییە لەگەل پیاواندا ، ئەوەتا کریی یەکسان نادریتە کاری یەکسانی ژن و پیاو و ژنان کەمتر حسابی کارەکانیان بۆ ئەکریت ، هەرچی کاری وەختی و کاری پرۆژەیی هەیە بۆ ژنانە و کاری دائیمیش بە پیاوان ئەدەن، ژنان تەجاوزیان پی ئەکری و لییان ئەدرێت ، ریژەی نەخویندەواری لە وولاتانی جیهاندا بە زۆری ژنانن....
پاشان (لەیلا ڤاساما) لە ریکخراوی ژنانی دیماری‌یەوە کە بەشیکی ریکخراوی سۆسیال دیموکراتی حیزبی حاکمن لە فنلاند ، سەرەرای ئەوەی داوای لیبوردنی کرد کە وەزعی تەندروستی باش نییە بەلام بەشداری ئەو لەم سیمینارەدا و ریزیك کە ئەو هەیەتی بۆ ریکخەرانی ئەم چەشنە لە سیمینار دژی توند و تیژی ژنان وای کردوە هەرچۆنیك بیت بەشدار بیت لە سیمینارەکەدا، لەیلا باسی وەزعی کچانی سویدی کرد زیاتر تا کچانی لاوی فنلاند ، ئەو ئەمەی باس کرد لەبەر ئەوەی بەرای ئەو بەشیوەیەکی رەسمی کوشتنی ناموسی لە وولاتەکەی ئەودا وجودی نییە...بەلام ئەم دیاردەیە لە سوید لەهەموو وولاتانی ئەوروپا زیاترە .
لەیلا جگەلەوەی رەخنەی لە کلتوری خۆمالی گرت و دەوری کلتوری خۆمالی بە هۆکاری توند و تیژی ژناندا ناساند و پاشان ئەوەی کە کەمتر دەولەت دەچیتە ژیر باری ئەوەی کۆرسی تایبەتی بۆ پیاوان دژی توند و تیژی بکاتەوە و

ئەوەی خستە روو کە چەند تەئسیری کردۆتە سەر پاشەرۆژی باری گەشە و دەروونی منالان ، هەروەها هەندی باسی تری کرد سەبارەت بەوەی لە فنلاند چەند شیلتەری ژنان لە زیاد بوندایەو ئەوەی خەتەنەی کچان قەدەغە کراوە لەیاسادا و .ووتی ئیمە نامانەویت ئیرە بکەینە شوینی راسیستەکان بۆیە تا نەگەیشتۆتە ئەمە باشترە پیکەوە هەموو چارەسەری بکەین,....

پاشان هەریەك لە (تانیا تاورۆ و ریبوار کەریمی) لە ریکخراوی منالپاریزانی مانەرهایمەوە ، نمایشیکیان سەبارەت بە ریکخراوەو پرۆژەکەیان پیش کەش کرد و تیایدا بە توندی دژایەتی چەشنەکانی توند و تیژی‌یان کرد و داوای ئەوەشیان کرد هەرچی زیاتر پیویست ئەکات پیاوانیش پەیوەست بن بەم چەشنە خەباتەوە دژی توند و تیژی ژنان....




رۆزا پۆهاکاینین ئەندامی یەکێتی مافی مرۆڤ لە زەوررەتی دەرەوەی فنلاند

ئیرینا کرۆهن ئەندامی پەرلەمانی فنلاند و ئەندامی یەکیتی مافی مرۆڤ لە پەرلەمان ، سەرەتای قسەکانی بەوە دەستی پی کرد کە ریکخراوی ژنانی عیراقی لە فنلاند مەسەلەی توند و تیژی و کوشتنی ناموسی هینایە ناو پەرلەمانەوە کەلەچەند هەفتەی رابردوودابوو ئولا ئەنتیلای مافی‌مرۆڤی نیو پەرلەمان باسی ئەو دانیشتنەی کرد کە وەفدیك لەلایەن ئیوەوە هاتوون و ئەمەش جیگای خۆشخاڵیە کە ریکخراوی ژنان بەتەنگ چارەسەری مەسەلەکانی توند و تیژی ژنانەوەن و جۆرو هۆکارەکانی توند و تیژی لە سیمیناریکی وادا تاوتوی ئەکەن ، پاشان سیاسەتی وولاتی فنلاندی پیش دە سال باس کرد کە وەك ئیستا بەتەنگ چارەسەری کیشەی توند و تیژی‌یەوە نەبوون وەك ئیستا، ئەو هۆکاری سەرەکی بە کلتور و سونەتە باوەکانی ناو کۆمەلگای فنلاندی مەربوت کردەوە ، و ئیمە هەر جۆرە توند و تیژی‌یەکیش بەهەر ژنیك ئەکریت لە یاسدا بە جەریمە ی دائەنێن...دەوری پیاوان و مەسەلەی نەخۆشی‌یە نەفسی و ئەقلی‌یەکان و بەکارهینانی ئەلکحولی خستە بەر باس و لیکۆلینەوە لەپەیوەند بە مەسەلەی توند و تیژی ژناندا....



ئیرینا کرۆهر




پاشان رەزای کەمانگەر فەعالیکی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان ،سەرەتا رووی کردە ئامادەبوان و ووتی ئیوە ئەگەر ئەتانەویت لەمەسائیلی بەرابەری تەلەبی ژنان بزانن ئەوە جیگای خۆیەتی باسەکانی مەنسور حیکمەت بخویننەوەو لەویدا چۆنیەتی دژوەستانەوەمان رووبەرووی یاسای ئیسلام و نابەرابەری ئەزانین ، پاش ئەوەی سایتی مەنسورحیکمەتی لە پرۆجیکتەرەوە ناساند، باسیکی سەبارەت بە سیاسەتی فرەفەرهەنگی پیشکەش کرد کە بەتەواوی دژی جیاکاری رەخنەی لەسیاسەتی فنلاند کرد و بەتایبەتیش دژی نامەکەی تاریا فیلاتۆڤی وەزیری کار و سکرتیری ریکخراوی ژنانی سۆسیال دیموکرات ، سەبارەت بە سیاسەتی فرەفەرهەنگی کە کۆلەکەی یاساکانی وولاتی فنلاندی لەسەر قایم راگرتوە ، ئەوەی شایانی باسە ئەم باسەی رەزا مشت و مریکی زۆری لەلایەن ئەندام پەرلەمان و ئاریا ریپینینی مەسئولی بنکەی قەیرانە نەفسییەکانەوە خایاند....




پاشان ئاریا ریپینین لێپرسراوی بنکەی قەیرانە نەفسییەکان لە فنلاند باسیکی پیشکەش کرد کە لە موحازەرەیەکی لایەنە رەسمییەکانی فنلاندکە لە هەفتەیەك پیش سیمینارەکەدا ریك خرابوو ، لەویدا باسی ئەو قەیران و هۆکاری توندو تیژی و کوشتنی ناموسی بەدوورودریژی باس کرد ودوابەدوای قسەکانی ئاریا لەلایەن (جەمال سالح)لێپرسراوی ریکخراوی کاردۆزینەوەی ئیرانی و عیراقییەوە بەم شیوەیە قسەوباسەکانی پیشکەش کرد:
ئامادەبوان و میوانە خۆشەویستەکان منیش بەخێرهاتنتان دەکەم و خۆشحالم لەم سیمینارەدا پێکەوە لەسەر گیروگرفتی ژنان و زەبروزەنگێك کە لەبەرامبەریاندا دەکرێت قسەوباس دەکەین.

ئەگەر ئاوڕێك بدەینەوە لەو توند وتیژیانەی كەلەبەرامبەر ژناندا بەتایبەت لە وڵاتانی ئیسلامی و شەرقیدا دەكرێت دەبینین توندو تیژی لەسەر مەسەلەی شەرەف و ناموس ژیانی ژنان بەردەوام دەخاتە مەترسیەوە و قوربانی زۆر لە ژنان دەگرێت. بێگومان لەم نێوەدا ئایین سەرچاوەی ئەم توندو تیژییەیە، بەتایبەت ئاینی ئیسلام كە ژنان سومبولی شەرەف و ناموس و ئابڕووی هەموو خزم و كەس وكار و خێزانە و چی دی وەك پیاوان ناتوانن بڕیار لەسەر هیچ شتێكی تایبەتی ژیانی خۆیان بدەن و دەبێ باوك و براو خزم وكەس لەهەموو هەنگاوێك كە كچ و ژنەكانیان دەینێن دەستی تێبخەن و بڕیار و ڕەزامەندی ئەوانیشی لەسەر بێ. هەر بۆیە وشەی شەرەف كە لە زمانی ئێوەدا یەك وشەیە لە زمانی عەرەبیدا نزیك بە دە وشەی جۆراوجۆرە وەك شەرەف، ناموس، عرض، محرم، عار و..... یاسای ئەو دەوڵەتانەش سزای بكوژانی ژنان كەمتر دەدات.
ئەگەر كچان و ژنان سەر بەرزبكەنەوە و ئەم تابووانە بشكێنن بۆ نموونە سەرپێچی لە بە شوودانی زۆرە ملی بكەن ئەوا چارەنووسیان دەكەوێتە مەترسییەوە.
بەداخەوە توندو تیژی لەبەرامبەر ژناندا شێوەی زۆرە، ئەوەی ئێوە بیستووتانە كە لە شكلی كوشتنی نامووسیدایە نموونە هەرە بەرجەستەكەیەتی بەڵام نموونەكانی دیكە بریتیە لە: تێزاب كردن بە سەرو چاوی كچەكەدا و سووتاندنی، زیندانی كردنی لە ژوورێكی تاریكدا بۆ ماوەی نادیار وەك 8 –10 ساڵ ودواتر كوشتنی، لووت بڕین (نموونەی كەژاڵ خدر) وخەتەنەكردنی بە منداڵی و.... هتد.
ئاینی ئیسلام بە ئاشكرا مافی ئینسانی ژنان پێشێل دەكات و لە سورەی النساءدا بە پیاو دەڵی كە لە ژنەكەت بدە ئەگەر سەرپێچی كرد، كۆپی وەرگێردراوی فنلاندی ئەم سوورەیەم لەلایە ئەگەر هەر كەسێك لە ئێوە ویستی بیخوێنێتەوە.
زۆر نووسەر و كەسانی ئازادیخواز هەن كە ئەم دیاردە دزێوانەی كۆمەڵگای ئیسلامی‌یان خستوەتە ڕوو كە لە ئەنجامدا ئیسلامیەكان یان كوشتوویانن وەك فرج فۆدە و عبدالخالق معروف وەیان بەبیانووی لكەدار كردنی دینی ئیسلام داویانن بە دادگا وەك دوكتور صادق جلال العظم، نوال السعداوی، تسلیمە نسرین. بەڵام ئەم خەباتە بەردەوامە و روو لەگەشەیە و ڕێكخراوی بەرگری لە ماف ژنان و بەرابەری خواز زۆر هەن كە بێ وچان كار بۆ گۆڕینی ئەم وەزعە دەكەن، ئەم ڕێكخراوەی كە ئەم سیمینارەی ڕێكخستوە یەكێك لەوانە كە لە كوردستانی عیراق و لە سەرتاسەری عیراقدا سەرەڕای هەموو كۆسپەكان توانیویەتی دەستكەوتی زۆر بۆ بزووتنەوەی بەرابەری ژنان بەدەست بهێنێت.
لە كۆتایی دا دیسانەوە ئەو قسەیەی تسلیمە نسرین دووپات دەكەمەوە كە ئەگەر هەر ژنێك بیهەوێت ئازادی خۆی بەدەست بهێنێت دەبێ لە پێشدا تەكلیفی خۆی لەگەڵ ئیسلامدا روون بكاتەوە.



**نامەی ئیرینا کرۆهن ئەندامی پەرلەمانیفنلاند:**

**بەرێز ئالاّ فەرەج**

**پاش سلاو....**

**من زۆر خۆشخال بووم بەوەی ئیوە ئەو سیمینارەتان لەسەر بابەتی توند و تیژی ساز کرد ، من زۆرشت لەو سیمینارەدا فیر بووم و داوات لیّ ئەکەم سەردانیمان بکەیت بۆ پەرلەمان بەمەبەستی بەرەو پیش بردنی کاروبار و مەسەلەکانی ژنان لە فنلاند وهیوای سەرکەوتنتان بۆ ئەخوازم...**

**نامەی رۆزاپوهاکاینێن لە یەکیتی مافی مرۆڤەوە بۆ ریکخراوی ژنانی عیراق لە فنلاند:**

**من زۆر سوپاستان ئەکەم کە ئیوە ئەو جیگایەتان بۆ قسە کردن لە سیمینارەکەدا بۆ من کردەوە ، من دوای سیمینارەکە رای ئەگەیەنم کە منیش پەیوەست ئەبم بەو کەمپەینەی ئیوەوە دژبە توندو تیژی ژنان ، بەهیوای دیداریتانم..**

